## سەرخەتی مافەکانی ژنانی خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەراستی نیشتەجێی بەریتانیا :

یەکسانی ژن و پیاو لە رووی یاسایی‌و لە دادگادا.
مافی خاوەنداریێتی یەکسانی ژن‌و پیاو بەسەر مومتەلەکاتی دەورانی ژیانی هاوبەشدا.
مافی یەکسانی ژنان لە ناو خێزان و لە سەرپەرشتی منداڵاندا .
مافی ژنان بۆ بەهرەمەند بوون لە فرسەتی یەکسانی خوێندن و کارکردن.
قەدەغە کردنی حیجابی کچانی خوار 16ساڵ.
قەدەغە کردنی حیجابی زۆرەملێی ژنان.
ئازادیی جل و بەرگ پۆشین.
ئازادیی سەفەر و هەڵبژاردنی شوێنی ژیان.
ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەر و پەیوەندی جنسی لە دوای 16ساڵی‌یەوە.
ئازادیی سەربەخۆبوون لە خێزان لە دوای 16ساڵی‌یەوە.
مافی پاراستنی ژنان لە هەر جۆرە توند و تیژییەك (لەناو خێزان‌و لە دەرەوەی خێزان)
لابردنی سیاسەتی جیاکاری فرەکەلچەری.
سزای توند بۆ ئەو کەسانەی کە بەهەر بیانویەك ئەم مافانەی ژنان پێشێل دەکەن.

تێبینی:
بەشی زۆری ئەم مافانە لە بەریتانیا بۆ ژنان بە گشتی بەرەسمی ناسراوە، بەڵام هەزاران ژنی خەڵکی خۆر هەڵاتی ناوەراست لەم مافانە بێبەشن! لە پشتی دەرگاکانەوە بە دەستی پیاوسالاری‌یەوە دەچەوسێنەوە. لە ژێر بیانووی تایبەتمەندیی خێزانی و جیاوازیی کەلتوریدا لایەنە بەرپرسەکان چاوی لێ دەپۆشن!

## با پێکەوە کار بکەین لەپێناو مافە ئینسانیەکانی ژنان!

## پێمانەوە پەیوەست بن تا هەوڵەکانمان بخەینە سەر یەکتر بۆ گەیشتنی ژنان بە ماف‌و ئازادیە ئینسانیەکانیان!

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە سەنتەرەکەمان بەم پەیوەندیانەی خوارەوە :

**MECWR**
3rd floor, 36a Rye Lane
Peckham
London SE15 5BS
Tel: 020 7639 1033
Email: mecwr2003@yahoo.com

# سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان
# MECWR

## پرۆژەی مەشق و راهێنانی خۆبەخشان سەبارەت بە مافەکانی ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەراستی دانشتووی بەریتانیا

ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بەشداریکردنە لە باشترکردنی هەلومەرجی ژیانی ژنان، لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتی‌و یاسایی‌و ناساندنی مافە ئینسانیەکانی ژنان لە نێو کۆمەڵگا کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکیەکان کە نیشتەجێی بەریتانیان.

# مافەکانی ژنان جیهانین!
# مافەکانی ژنان مافی ئینسانین!
# مافەکانی ژنان سنوری کەلتوور، نەتەوە، زمان، نەژاد، رەگەزو نیشتمان ناناسێت!

**ئایا دەزانیت کە هەزاران ژنی خۆرهەڵاتی ناوەراستی کە لە بەریتانیا دەژین، گیرۆدەی بێمافی و هەڵاواردنو نایەکسانین و لەومافانە بێبەشن کە ژنانی ئەم وولاتە بەدەستیان هێناوە!؟ ئایا دەزانیت بەشێکی یەجگار زۆریان بەهرەمەند نین لە فرسەتی گونجاو بۆ خوێندن و کارکردن، بەهرەمەند نین لە مافی ئازادیی سەفەر کردن، ئازادیی جل وبەرگ پۆشین و هەڵبژاردنی هاوسەر!؟ بگرە هێشتا بەشێکی بەرچاویان رووبەرووی لێدان و توند و تیژی هەموو رۆژەی نێو ماڵ و بگرە کوشتنی ناموسی دەبنەوە!؟**

**پێت سەیر نەبێت، چونکە هەموو ئەم چەوسانەوە و بێ مافیانە وەکو دیاردەیەکی ئاسایی کەلتورو دین و داب و نەریتی تایبەتی ئەم کۆمەڵگایانە چاوی لێدەکرێتو پاساو دەدرێت!**

**سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان لە رێگەی پرۆژەکانیەوە هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ هوشیارکردنەوەی ژنانو پیاوانی ناو کۆمەڵگا خۆرهەڵاتی ناوەراستیەکانی دانیشتووی بەریتانیا، دەربارەی مافەکانی ژنان! هەوڵ دەدات بۆ ناساندنی مافەکانیان بە ژنانو داکۆکیکردن لەم مافانە. هەوڵدەدات بۆ بەرەسمی ناسینی مافە جیهانیەکانی ژنان بۆ ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەراستی نیشتەجێی بەریتانیا لە یاسای ئەم وولاتەدا. هەوڵدەدات بۆ کۆتایی هێنان بە جیاکاریو چاوپۆشین لە مافەکانی ژنان بە بیانووی فرە کەلتوورییەوە لەلایەن دەوڵەتەوە!**
**سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان هەوڵدەدات بۆ رزگارکردنی ژنان لە دەست هەر جۆرە بێ مافی و توند و تیژییەك كە دووچاری دەبن لە ژێر هەر بیانوویەکدا.**

## ئایا تۆش دەتەوێت خۆبەخشانە کار بکەیت بۆ باشکردنی وەزعی ژنان لە نێو کۆمەڵگاکەتدا ؟

## ئەگەر وەلامەکەت (بەڵێ)یە !

**کەواتە پەیوەندی بکە بە سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان**
**بۆ پەیوەست بوون بە پرۆژەی مەشق و راهینانی خۆبەخشان سەبارەت بە مافەکانی ژنان**

## چیت دەست دەکەوێت ؟

**شەش رۆژ مەشقو راهێنان لەسەر مافەکانی ژنان کە تێیدا هۆیەکانی نایەکسانیو بێمافیەکانی ژنانت بۆ روون دەبێتەوە؟**
**چۆنێتی کارکردن لە نێو کۆمەڵگاکەتدا بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە مافەکانی ژنان؟**
**وەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە یاسا بەریتانی و نێو دەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان.**
**چۆنێتی کارکردن لەگەڵ میدیا و لایەنە بەرپرسەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان پێیان و کاریگەریدانان لەسەر بریا ر و یاساکان بو باشترکردنی وەزعی ژنان.**
MECWR **پشتیوانیت دەکات بۆ رێکخستنی چالاکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر لە نێو کومەلگاکانی خۆتان لە بەریتانیا، بۆ هوشیارکردنەوەی خەلکی و گەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە لە راهێنانەکەوە فێریان بوویت، پێ یان.**
**لە دوای تەواو بوونی پرۆژەکە دەتوانی کاری خۆبەخشی بەردەوام بکەیت لەگەڵ** MECWR.
**ئەو خەرجیانەی بۆ راپەڕاندنی کارەکانی خۆبەخشیەکەت ئەنجامت داون،** MECWR **بۆت دەگێڕێتەوە.**